# ڕامان و بیرکردنەوە لە قورئان، بۆچی و چۆن؟

[ کردي – کوردی – kurdish ]


ئیبراهیم عبدالرحمن الترکی

وەرگێڕانی: موحسن موحەمەد

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# تدبر القرآن .. لماذا وكيف؟

« باللغة الكردية »

إبراهيم عبد الرحمن التركي

ترجمة: محسن محمد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ڕامان و بیرکردنەوە لە قورئان، بۆچی و چۆن؟

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه،وبعد:

قورئانی پیرۆز ڕابەرو ڕێ نیشاندەری مرۆڤایەتی و ڕۆشنایی ژیان و دەستوریەتی، وەهەرشتێك مرۆڤـ پێویستی پێ بێت، ئەوا خوای گەورە بەدەقێکی قورئانی، یان بەئاماژە بۆکردن ڕوونی کردۆتەوە، جا یا ئەوەتا زانیومانەو(پەی)مان پێ بردوە، یان نەمان زانیوەو تێی نەگەیشتوین.

جا لەبەر ئەوەیە کە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) و پیاوچاکانی دوای ئەوان، گرنگی زۆریان داوە بەخوێندنی قورئان ولەبەرکردن و تێگەیشتنی، هەروەها لێ وردبوونەوەو کار پێ کردنی، بەهەمان شێوە پێشینە چاکەکانمان لەسەر ئەم ڕێبازە ڕۆیشتون، بەڵام لەگەڵ لاواز بوونی ئوممەتی ئیسلام لە سەدەکانی دواییدا، گرنگی دان بەقورئانی پیرۆز کەمتربووەوە، تاگەیشتە ڕادەیەك کەتەنها گرنگی بدرێت بەخوێندنەوەو لەبەرکردنی و خوێندنەوەی بەشێوەی تەجویدو بەس، لێ وردبونەوەو تێگەیشتن لەماناو

مەبەستەکانی فەرامۆش کرا بوون، وەگەیشتە ئاستێك کەکاری پێ نەکرێت یان کەمتەرخەمی بکرێت لەکار پێ کردنی.

لەڕاستیدا خوای گەورە قورئانی پیرۆزی بۆناردوین و فەرمانی پێکردوین کەلێی وردبینەوە و بیری لێ بکەینەوە، وەبەرپرس بووین بە لەبەرکردنی، بەڵام ئێمە سەرقاڵی لەبەرکردن بووین و وازمان هێنا لەبیر لێکردنەوەی.

لێرەدا مەبەستمان ئەوە نی یە کەواز بهێنرێت لە لەبەرکردن و خوێندنەوەو تەجوید، چونکە ئەمە پاداشتێکی زۆرو سودێکی باشی هەیە بۆتێگەیشتن لەقورئان، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە هاوسەنگی یەك هەبێت لەنێوان (لەبەرکردن وخوێندنەوەو تەجوید) و (تێگەیشتن و لێ وردبونەوە)، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کارپێکردن و جێ بەجێ کردنی، هەروەك چۆن پێشینە چاکەکانمان لەسەری بوون (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) جا لەبەر ئەوە بەچەند خاڵێك گرنگی بیرکردنەوەو ڕامان لەقورئانی پیرۆز ڕوون دەکەینەوە لەژێر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى اله وسلم) ومێژوی پێشینە چاکەکانمان (السلف الصالح)، بەڵام

لەسەرەتادا بابزانین لێ وردبونەوەو بیر لێ کردنەوە لەقورئان چی یە؟

إبن القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (چاوتێبڕینێکە لە دڵەوە بۆماناو واتاکەی، وەکۆکردنەوەی فیکرو هۆشە بۆلێ وردبونەوەو هۆشمەندی)، وە وتراوە کەبریتی یە لەبیرکردنەوەیەکی گشتی کەبتگەیەنێت بەکۆتایی ماناو مەبەستی وشەکان.

**یەکەم: لێوردبونەوە لەرِوانگەی قورئانی پیرۆز:**

١- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُوا الْأَلْبَابِ﴾[ص: ٢٩].

واتە: ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامان بەزاندووە بۆلای تۆ، تابیر لەئایەتەکانی بکەنەوە، بۆئەوەی کەخاوەن بیرو هۆشەکان پەندی لێ وەرگرن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە بۆی ڕوون کردوینەوە کەگرنگترین مەبەست لەناردنی قورئانی پیرۆز بیرلێ کردنەوەو لێ وردبوونەوەیەتی، نەك تەنها خوێندنەوە،

(سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز پاداشتێکی زۆری هەیە).

(حسن البصری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (سوێند بەخوا بیرکردنەوە (تدبر) لەقورئانی پیرۆز بریتی نی¬یە لە لەبەرکردنی پیتەکانی وخەتم کردنی، کەسی وا هەیە دەڵێت قورئانم هەموی خوێندەوە بەڵام لەکرداروڕەوشتیدا ڕەنگ ناداتەوە).

٢-خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ ﴾[النساء: ٨٢].

واتە: ئەوە بۆ ئەوانە سەرنج لە قورئان نادەن؟! (إبن الكثير) فەرمویەتی: خوای گەورە فەرمان دەکات بە بەندەکانی کە وردبنەوە لەقورئان و بیری لێ بکەنەوە، وە قەدەغەیان دەکات لەپشت هەڵکردن لەقورئان وتێگەیشتن لەمانا داڕێژراوو ووشە پاراوەکانی: ئەوە بۆ وردنابنەوە لەقورئان.

بەڕاستی فەرمانێکی ڕاشکاوانەیە بەڕامان و وردبونەوە لەقورئان، وە فەرمانیش لەشەرعدا واتای واجب دەگەیەنێت.

٣-خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلاَوَتِهِ أُوْلَـئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ ﴾[البقرة: ١٢١].

واتە: ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانیمان بۆ ناردون، بەجوانترین شێوە دەیخوێننەوە ئەوانە باوەڕیان پێ یە.

(إبن الكثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەعبدالله ی کوری مسعودەوە گێڕاوێتی یەوە فەرمویەتی: (سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە، ماف دانی تەواو بەخوێندنەوەی قورئان، ئەوەیە کەحەڵاڵەکان بەحەڵاڵ بزانی و حەرامەکانیش بەحەرام بزانیت، وەقورئان بەو شێوەیە بخوێنیت کەخوای گەورە ناردویەتی، وە(إمامی الشوكانی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (یتلونه) واتە: ئیش بەوە دەکەن کەتێییدایەتی، وەناتوانین کار بەقورئان بکەین ئەگەر لێوردبونەوەو زانستی لەگەڵ نەبێت.

٤-خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لاَ يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلاَّ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَظُنُّونَ﴾[البقرة: ٧٨].

واتە: هەندێ لەوانە نەخوێندەوارن، کە هیچ لەکتێبی خوا نازانن جگە لەچەند ئاواتێك، وە ئەوانە هەرگومانیان

کردۆتە پیشەی خۆیان، (إمامی الشوکانی) سەبارەت بەم ئایەتە فەرمویەتی: وتراوە (الأماني) واتە: خوێندنەوە، واتە: هیچی لێ نازانن تەنها خوێندنەوە نەبێت، دەیخوێننەوە بەبێ ئەوەی هیچی لێ تێبگەن ولێکی بدەنەوە.

هەروەها (إبن القیم)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: خوای گەورە سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە مانای قورئان دەگۆڕن، وەئەو نەخوێندەوارانەی کەهیچ لەقورئان نازانن تەنها خوێندنەوە نەبێت بەوانە دەوترێت: (الأماني).

٥- خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُوراً ﴾[الفرقان: ٣٠].

واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى اله وسلم)دەفەرموێ: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی ئوممەتی من وازیان لەقورئان هێناوەو لێی دورکەوتوونەتەوەو پشت گوێیان خستوە.

(إبن الکثیر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: هیجران واتە: (وازهێنان لەماناو لێکدانەوەی، وەهەروەها (إبن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (هەجرکردن و

وازهێنان لەقورئان چەند جۆرێکە: چوارەمیان: وازهێنان لەماناو لێوردبونەوە و........

**دووەم: لێوردبونەوە لەقورئانی پیرۆز لەرِوانگەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وعلی اله وسلم):**

١-لە(أبو هريره) وە رضي الله عنه ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) فەرمویەتی: (هەرکۆمەڵێك کە لەیەکێك لەماڵەکانی خوای گەورەدا کۆببنەوەو قورئانی تێدا بخوێنن و لەنێوان خۆیاندا تاووتوێی بکەن و لێکی بدەنەوە، ئەوا خوای گەورە ئارامی دەخاتە ناویان و بەبەخشندەیی خۆی دایان دەپۆشێت و فریشتەکانیش بەتەنگیانەوە دێن، وە خوای گەورە لەلای خۆی باسیان دەکات)(صحيح الجامع الصغير: ٢/ ٥٥٠٩).

ئارامی دڵ ودەرون و بەخشندەیی و باسکردنیان بەرامبەر بە قورئان خوێندنەوەیەکی وردوو لێکدانەوەی، بەڵام ئێمە تەنهابەشێکی فەرموودەکەمان جێ بەجێ کردوە، کە ئەویش خوێندنەوەیەتی.

٢- حذيفه رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کەشەوێك لەگەڵ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) نوێژی

کردوه بەئایەتەکاندا دەچۆوەو دووبارەی دەکردنەوە، وەئەگەر ئایەتێکی خوێندبایە (تسبیح) پاك ڕاگرتنی خوای تێدا بوایە ئەوا (سبحان الله) ی دەکرد، وەئەگەر داواکردنی تێدا بوایە ئەوا داوای لەخوا ئەکردو لێی ئەپاڕایەوە، وەئەگەر پەناگرتنی تیابوایە ئەوا پەنای بەخوائەگرت)(صحیح الجامع الصغیر: ٢/ ٤٧٨٢)، پێغەمبەر (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) بەم شێوەیە ورد دەبووەوە جێ بەجێی دەکرد.

٣- لە أبی ذر رضي الله عنه فەرموویەتی(١):

(شەوێك پێغەمبەر (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) نوێژی کرد لە دوای فاتیحە) بەبەردەوامی ئەم ئایەتەی خوێند تاوەکو ڕکوع وسوجدەی برد ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾[المائدة: ١١٨].

واتە: ئەی پەروەردگار ئەگەر ئەوان سزا بدەی بەندەی تۆن، وە ئەگەر لێیان خۆش بیت، بەڕاستی هەر تۆ بەدەسەلآت و دانایت.

ئەوە پێغەمبەری خوایە (صلی اللە علیە وعلی الە وسلم)کە تێگەیشتن و لێکدانەوەی قورئانی بە باشتر زانیوەو پێشی خستوە بەسەر خوێندنەوەی زۆروو زەوەندی بۆ تێگەیشتن، تەنها ئایەتێکی لەشەوێکی تەواودا خوێندوە.

٤- لە(إبن مسعود)ەوە رضي اللە عنە دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: (هەرکەسێك لەناو ئێمەدا(دە) ئایەت فێر ببوایە زیاتری لەبەر نەدەکرد هەتاوەکو تێی نەگەیشتبایەو کاری پێنەکردایە).

ئەمە بەرنامەو پرۆگرامی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وعلی الە وسلم) بووە سەبارەت بەفێرکردنی قورئانی پیرۆز بە هاوەڵەکانی.

٥- کاتێك کە(عبداللە ی کوڕی عەمر) رضي اللە عنە گەڕایەوە لەلای پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وعلی الە وسلم) ڕێگای پێنەدرا کەماوەی قورئان خوێندنی (خەتم کردنی) کەمتر لە سێ شەو بێت، وە فەرمووی ئەو کەسەی کە بیەوێت قورئان لەماوەی کەمتر لەسێ شەو تەواو بکات ئەوا لەماناکەی ناگات)(صحیح الجامع الصغیر: ٧٧٤٣/٢).

ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە مەبەست لەخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز تێگەیشتن و شارەزابوونە لێی نەك تەنها خوێندنەوەو بەس.

٦- لە (ئەنەسی کوڕی مالك)ەوە رضي الله عنە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: جارێك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وعلی الە وسلم) نوێژی بۆخەڵکی کردو ئایەتێکی پەڕاند پاش تەواوبونی نوێژ فەرمووی، فڵان کەس ئایا لەم سورەتەی کەخوێندمەوە هیچ ئایەتێکم پەڕاند؟ ووتی: نازانم. پاشان پرسیاری لە یەکێکی ترکرد، دووکەس.. سێ کەس.. هەمویان وتیان نازانم پاشان پێغەمبەر (صلی الله علیە وعلی الە وسلم) فەرموی: ئەمە چ قەومێکە؟! کتێبی خوایان بەسەردا دەخوێندرێتەوە، لەوەی کەبۆیان دەخوێندرێتەوە نازانن چی پەڕێنراوە؟ هەربەم شێوەیەش گەورەیی خوا لەدڵی (بنی ئیسرائیل)دا نەماو دەرچوو، بەجەستە ئامادەبون ودڵەکانیان غافڵ وبێ ئاگابوو، وەخوای گەورە بەندایەتی لەبەندەکانی وەرناگرێت ئەگەر دڵیان لەگەڵ جەستە ئامادە نەبێت.

**سێ یەم: گرنگی وردبونەوە لە قورئانی پیرۆز لای پێشینەچاکەکانمان (السلف الصالح):**

١-مالك له نافع ونافع له (إبن عمر)ەوه گێڕاویەتی یەوه کە عومەری کوڕی خطاب رضي الله عنه لە ماوەی دوانزە ساڵدا سورەتی (البقرة)ی لەبەرکردوە، پاش ئەوەی خەتمی کردو فێری بوو مەڕێکی سەربڕی. دوورو درێژی ئەو ماوەیەی کە(إمامی عمر) رضي الله عنه سورەتی(البقرة)ی تێدا لەبەرکردوەو فێری بووە، لەبەر بێ توانایی و بێ ئاگایی (إمامی عمر) نەبووە بەرامبەر بە قورئان، کەواتە هیچ نەماوەتەوە تەنها لێکدانەوەو لێوردبونەوە نەبێت لە قورئانی پیرۆز.

٢- لە إبن عومەرەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە کەفەرمویەتی: زۆر لەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وعلی اله وسلم) لەسەرەتای ئیسلامدا تەنها سورەتێك یان چەند سورەتێکیان لەقورئان لەبەردەکردو بەتەواوی کاریان پێ دەکرد، بەڵام لەکۆتایی ئەم ئوممەتەدا قورئان دەخوێنن و لەناویاندا منداڵ و کوێر هەن، بەڵام کاری پێ ناکەن.

وە إبن مسعودیش رضي الله عنه دەفەرموێت: (قورئان لەبەرکردن لای ئێمە گران بوو، بەڵام کارپێکردنی ئاسان

بوو، بەڵام ئەوانەی دوای ئێمە لەبەرکردن لایان ئاسانەو کارپێکردن لایان قورسە).

٣- (حسن البصری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ئەم قورئانە بەندەو هەرزەکاران دەیخوێنن بەبێ ئەوەی شارەزابن لە لێکدانەوەو تێگەیشتنی، هەتا کەسی وا هەیە دەڵێت: هەموو قورئانم خوێندەوەو یەك ئایەتم نەپەڕاند. سوێند بەخوا هەموو قورئانی پەڕاندوە، چونکە قورئان لە ڕەوشت و کرداریدا نەبینراوە، وە کەسی وا هەبووە دەی ووت (لە کاتێکی زۆر کەمدا سورەتێك قورئان دەخوێنم)، سوێند بەخوا ئەوانە نە قورئان خوێنن و نەزاناو دانان بەقورئانی پیرۆز، کەی قورئان خوێندن وابووە؟ خوا نمونەی ئەم جۆرە قورئان خوێنانە زیاد نەکات).

٤- دووبارە (حسن البصری) دەفەرموێ: قورئان نێردراوە بۆئەوەی لێی وردبینەوەو تێی بگەین و ئیشی پێ بکەین، خوێندنەوەی قورئان لەجێی کارپێ کردنی دانراوە، واتە: ئیشی خەڵك بووە بەقورئان خوێندن و بەس، وازیان هێناوە لە کارپێ کردن و لێکدانەوەی.

٥- شعبەی کوڕی حجاج بەفەرموودەناسانی دەووت: (ئەی خەڵکینە ئێوە هەرکاتێك قسەدەکەن، بەفەرموودە دەست پێ دەکەن، دواتر بەقورئان (دواتر باسی قورئان دەکەن).لێرەدا ئاگادارکردنەوەیەك هەیە بۆئەوانەی کەسەنەدی فەرمودەو باسە فیقهی یەکان بێ ئاگای کردوون لە ورد بوونەوە لەقورئان و تێگەیشتن لێی، چونکە بەم کارەیان هاوسەنگیان لەدەست داوەو تەرازویان تێکداوە).

٦- لە(محمدی کوڕی کعبی قرظی) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (لەلام خۆشترە کەسەراپای شەو قورئان خوێندنم ﴿إذا زلزلت﴾ و(القارعە﴾ بێت ولێیان زیاد نەکەم، نەك بەبێ پەروا قورئان بخوێنم وەك پەخشان وهیچی لێ تێ نەگەم.

٧- إبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (هیچ شتێك لەلێکدانەوەو تێگەیشتن لەقورئان بۆمرۆڤ بەسودتر نی یە بۆژیانی دونیاو دواڕۆژی، وە بەهۆی ووردبونەوە لە قورئان ڕێگای چاك و ڕێگای خراپی لەبەردەم ڕۆشن دەبێت، وەبەروبوم و سەرئەنجامی هەریەك لەو دوو ڕێگایانە بەباشی دەزانێت لەگەڵ دوا ڕۆژی شوێن کەوتوانی هەردوو ڕێگاکە، وە هەر بەو هۆیەوە کلیلی خەزێنەی بەختەوەری و

زانستی بەسودی دەکەوێتە دەست و ڕەگی ئیمان لە دڵیدا جێگیر دەبێت.

**چوارەم: چەند هۆکارێك بۆ وردبونەوە لە قورئان:**

١-ڕەچاوکردنی ئاداب و ڕەوشتەکانی قورئان خوێندن لەپاك وخاوێنی وکات وشوێنی گونجاوو نیەت پاکی و پەناگرتن بەخواو (بسم الله) کردن و کۆکردنەوەی بیروهۆش ومەشغوڵ نەبوون بەکاری دیکە، وەبوونی خشوع (ترسی خوا) و کاریگەری لەسەر دەروون وەهەست کردن بەوەی کەقورئان دەت دوێنێ.

٢-خۆیندنەوەیەکی ورد بەتێگەیشتن و ترسەوە کە کاریگەری هەبێت لەسەر دەروون و مەبەستی تەنها ئەوەنەبێت کەسورەتەکە تەواو بکات.

٣-وەستان لەسەر ئەو ئایەتانەی کەدەیخوێنێت، وەستانێك کەبیر لەمانای ئایەتەکان بکاتەوەو دووبارە بەسەریاندا بچێتەوە.

٤-بەکارهێنانی جیاکاری لەسەیرکردنی سیاقی ئایەتەکان، شێوەو پێکهاتەی ئایەتەکان، ماناکانیان، دابەزینی،...

٥- گەڕانەوە بۆتێگەیشتن و هەڵس وکەوتی پێشینان لەو ئایەتانەی کەدەیخوێنینەوەو لێکی دەدەینەوە.

٦-خوێندنەوەی ڕای هەندێ زانایانی تەفسیر بۆ ئایەتەکە.

٧- تێڕوانینێکی گشتگیرو تەواو بۆهەموو قورئان.

٨- ئاوڕدانەوە لەئامانجە بنچینەیی یەکانی قورئان.

٩- ڕاستگۆیی یەکی تەواو بۆ دەقە قورئانی یەکان و سەر پێ شۆڕکردنی واقیعی پێچەوانەی قورئان.

**لەکۆتایدا دەڵێم کوا گرنگی لێکدانەوەی قورئان لەهۆش وبیرماندا؟**

کوا ڕەنگدانەوەی قورئان لە کرداری ڕۆژانەی ژیانماندا؟ وە ئایا ئێمە ڕۆڵەو قوتابیەکانمان پەروەردە ئەکەین لەسەر لێکدانەوەو ووردبونەوە لەقورئانی پیرۆز؟ یان ئەوەی کەگرنگە لای ئێمە تەنها قورئان خوێندنەو بەس! یان ئەندازەی ووردبوونەوە چەندە لە وانەی زانستە شەرعیەکان لە قوتابخانەکانماند ، یان ئەوانەی کە دەرسی ئایینی دەخوێنن، ڕێژەوبوونی تەفسیر لەناو بەرنامەی دەرسەکانیاندا زۆرکەمە یاخود هەرنی یە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

=========================

(١) (صحيح سنن إبن ماجه، كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء في القراءة في صلاة الليل، رقم: ١٣٥٠)